www.kurdistannet.org
30-1-2007 20:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خولی هەژدەهەمینی کەنداوی عەرەب کۆتایی هات ... ئەنوەر خەراجیانی

ئەمرۆ بەرواری 30 / 1 / 2007 لە شاری ئەبوزەبی کۆتایی یاریەکانی خولی هەژدەهەمینی کەنداوی عەرەب هات، یاری کۆتایی لە نیوان هەردوو هەڵبژاردەی ئیمارات و عومان بوو، هەڵبژاردەی ئیمارات لە ساڵی 1970 وە تا ئەمرۆ خەو بە پاڵەوانی خولی کەنداو دەبینێت بەڵام ئەمرۆ خوش بەختانە خەونەکانیان هاتە دی، راهێنەری ئیمارات (برونو میتسو) بە رەگەز فەرەنسی رۆڵی زۆر باشی هەبوو لە






سەرکەوتنی تیپەکەی بۆ بەدەست هێنانی کاسی کەنداو، ساروخی ئیماراتی ئیسماعیل مەتەری ئیماراتی کرد بە پاڵەوانی خولەکە یاری پێش کۆتایی رووبەرووی هەڵبژاردەی سعودیە بوون ئیسماعیل مەتەر لە خولەکی 91 دا گۆڵی بردنەوەی یاریەکەی تۆمارکرد بەم گۆڵەی مەتەری گەیشتنە یاری کۆتای، لە یاری ئەمرۆدا بە هەمان شێوە ئیسماعیل مەتەری گۆڵی بردنەوەی تۆمارکرد بەم گۆڵە ئیمارات بووبە پاڵەوانی خولی کەنداوی عەرەب بۆ یەکەم جار لە مێژووی خولی کەنداو لە یاری تۆپی پێی دا، لیژنەی بەرێوەبردنی خولی کەنداو ئیسماعیل مەتەری دەسنیشان کرد بە باشترین یاریزان و گۆڵکار خولی کەنداوی 18، لە پاێنج یاریدا پێنج گۆڵی تۆمارکردووە، ئەوەی جێگای باسە یەکەم یاری خولی کەنداو یاری نێوان هەڵبژاردەی ئیمارات و عومان بوو لە یەکەم یاریدا عومان سەرکەوت بە دوو گۆڵ بەرامبەربە یەك گۆڵ گۆڵی ئیمارات ئیسماعیل مەتەری تۆمارکرد  خولی داهاتووی کەنداو لە عومان سازدەدرێت.

---

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.